# سروشت و گیانداران لە هۆنراوەی منداڵاندا

ئەرسەلان حەسەن
(سلێمانی)

لەم وتارەدا هۆنراوەی چوار شاعیرم بە نموونە وەرگرتووە کە تا ڕادەیەک بۆ بارهێنان و پەروەردەکردن و خزمەتکردن بە ئەدەبی منداڵان، لانی کەم فۆرمی نووسین و تەکنیکی داڕشتنیان لە شیعرەکانی پێش خۆیان جیاوازە و ئاوڕیان لە سروشتی جوان و ڕازاوە داوەتەوە و خۆیان لە قەرەی وشەی نالەبار و نەگونجاو نەداوە و بەکاریان نەهێناون و بەهەستکردن بە بەرپرسیاری و هەستیاری، بەئاگاییەوە شیعرەکانیان بەزمانێکی سادە و ڕەوان، بێ ئەوەی منداڵ ماندوو بکات نووسیوە.

لامارتین شاعیری فەڕەنسی دەڵێت: (لایە لایەی دایکان جوانترین هۆنراوەیە لە دنیا)دا، کەواتە دەتوانین بڵێین لای لایە یەکەم شیعر و ئاوازە بەرگوێی منداڵ دەکەوێ و سێبووری بەمێشک و دەروونی دەدات و بەرەو خەوێکی قووڵ و خۆشی دەبات و پێمان دەڵێت چەندە شیعر بۆ منداڵان سووک و ئاسان، ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ بێت و منداڵ خۆی تێدا ببینێتەوە، زیاتر بەدڵی دەبێت و چێژی لێ وەردەگرێت.

لەکۆنەوە ئاژەڵ و باڵندەکان کارەکتەری چیرۆک و حیکایەتە فۆلکلۆری و بەسەرهاتەکانن و هەر یەکەمان بەجۆرێک دیومانن، یان ناسیومانن و دەنگیان بەگوێمان ئاشنا بووە و دوور و نزیک خۆشمان ویستوون و حەزمان کردووە لێیان نزیک ببینەوە و ببین بە هاوڕێیان، کە

شیعرەکانی هەر چوار شاعیر ئاوێنەی شەوق دەرەوەن و کۆمەڵێک لەو ئاژەڵ و باڵندانە کارەکتەری ئەم هۆنراوانەن و بە نەرمونیانییەوە ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینن.

ئەگەر جارانیش هەندێک ئاژەڵ و گیاندارمان نەدیبێت، یان ناویانمان بیستبێت و بەلامانەوە نامۆ بووبن، ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یان باخچەی ئاژەڵانەوە، ڕۆژانە دەیانبینین و پێیان ئاشنا دەبین، بۆیە دەتوانین بڵێین نەو ئەو ئاژەڵ و باڵندانە نامۆ نین و دوور و نزیک دەیانناسین.

**گەشتێک**

لەگەڵ هاوڕێکەم
ئەمڕۆ چووین بۆ دەشت
بۆ دەم ڕووبار و
بۆ سەیران و گەشت
هێمن لەسەرخۆ
بە میهرەبانی
لە جوانیی خۆر و
ئاومان دەڕوانی
دیم باڵندەکان
بانگیان دەکردین
دەفڕین بۆ لامان
دەستیان دەگرتین
بەرزبووینەوە
ڕۆیشتین بۆ ئاسمان
ئەوەندە دووربووین
ون بووین لە چاوان
تێر یاریمان کرد
تاکوو ئێواری
بە گفتوگۆوە
هاتینە خواری
سروشتی پاراو
ئاسمانی ڕەنگین
هەردوو پێکەوە
سەرچاوەن بۆ ژین

(زارا ئەحمەد)ی شاعیر لەم شیعرەدا وێنەی دوو هاوڕێی ڕێبوارمان بۆ دەگرێت کە دەچن بۆ سەیران و گەشت و بە هێمنی و میهرەبانی لە جوانی خۆر و ئاو دەڕوانن کە دەیانباتە ناو جۆرێک فانتازیا و خەیاڵەوە، چۆن لەم سەیرانەدا مەلەکان دەبینن، جیکجیک بەزمانی خۆیان بانگیان دەکەن و بەرەو لایان دێن و دەستیان دەگرن بۆ گەشتێک کە ئەویش ئاسمانی بەرین و بێ ئەستێرەیە و بۆ لای خۆریان دەبەن، تا لە چاوان ون دەبن و لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە ئاسوودەیی یاری دەکەن، ئەوجا بەگفتوگۆوە دێنەوە خواری و دواجار پێمان دەڵێت: چەندە سروشت تێراو و پاراو بێت، ئاسمان ڕەنگین دەبێت و دەبن بە سەرچاوەی خۆشی بۆ ژین.

**بێچووە ورچەکە**

بێچووە ورچی لەناو بەفرا
دێت و دەچێ
زۆر وریایە ڕێگای ماڵی
لێ تێک ناچێ
سەیری شوێن پێی دایکی ئەکا و
ورد ورد ئەڕوا
کە برسی بوو ڕائەوەستێ
خواردن ئەخوا
جلی گەرمی لەبەردایە
ورچە خرپن
خۆی لەسەرما ئەپارێزێ
ئەویش وەک من

تووکی سپی و نەرمونۆڵە
خڕ و خەپان
زۆر دڵخۆش و ئاسوودەیە
لە دارستان
لەسەر بەفر یاری دەکا
تا ئێواران
دەبێت بە هاوڕێی دڵسۆزی
گشت گیانداران

(ئەمین محەمەد)ی شاعیر لەم شیعرەدا وێنەی بێچووە ورچێکی وریا و زیتەڵەمان بۆ دەکێشێت، کە بە نیازی گەشت و گەڕان و خواردن لە ماڵ دێتەدەر و دوور دەکەوێتەوە، بەڵام وریایی و زیرەکی ڕێی ماڵێی پێ هەڵە ناکات و بەماڵەوە دەزانێتەوە، چونکە شوێن پێی دایکی دەکەوێت و دەبێتە چاوساغی.

ئەگەر لەڕووی پەروەردەییەوە لەم شیعرە بڕوانین، منداڵان فێری کۆمەڵێک ئاکار و بەهای جوانی کۆمەڵگە دەکات کە خۆی لە شوێنکەوتنی دایک، وەک سەرمەشقێکی جوانی ژیان، ماندوێتی و پشوودان و برسێتی و خواردن و هاوڕێیەتیی دڵسۆزانە و بە منداڵان دەڵێت بێچووە ورچەکە وەک ئێوە تووکی سپی و نەرمونۆڵە و خڕ و خەپانییەکەشی کتومت ئێوەیە و یاری دەکات و ئەگەر ئێوە وەک ئەو جلی گەرم بکەنە بەر و باش خۆتان دابپۆشن، نە سەرماتان دەبێت و نە زستانی سارد کارتان تێ دەکات و نە نەخۆشتان دەخات.

## گوندەکانی کوردستان

گوندەکانی کوردستان
دروێنە و دەغڵ و خەرمان
بارە و باعەی بزن و مەڕ
زەنگۆڵە و بلوێری شوان
گوندەکانی کوردستان
باخچەی پڕ میوە و بێستان
ڕووبار و چەم و کانی
سروشتی دڵگیر و جوان
گوندەکانی کوردستان
لە گەرمیان بن، یان کوێستان
جووتیارەکان چالاکن
بۆ کشتوکاڵ و فەرمان

(ئاکۆ محەمەد سابیر)ی شاعیر لەم شیعرەدا گوندەکانی کوردستانمان لە سێ کۆپلەی کتومتی وەرز و کاتی جیاواز بۆ وێنا دەکات کە هەر لە دیمەنی پەرێزەوە دوای دروێنە، منداڵ دەباتە ناو ڕان و لەوێ گوێیان بەئاوازی باعەباع و زەنگۆڵە و بلوێری شوان و بازنە و خڕخاڵی بێری دەزرینگێنێتەوە، پاشان دەیانهێنێتەوە بەر سێبەرە فێنک و خۆشەکەی باخی پڕ میوە و بێستان و هاژەی ڕووبار، چەم و کانی و دەڵێت: گوندەکان لە گەرمیان بێت، یان کوێستان، جووتیارەکانیان بۆ بەدەستهێنانی نان ئامادەی کار و فەرمانن.

## تابلۆی ژینگە

شێر و فیل،
ورچ و زەڕافە و ڕێوی
ناسراون
بەگیانداری کێوی
دارستان
بێشە و لانە و ماڵیانە
سروشتیش
هەر بەوانەوە جوانە
باڵندەی
جۆراوجۆری زۆر لێیە
بوون بەهۆی

ڕەنگاوڕەنگی ئەو جێیە
هاوسەنگی
ژینگەیان بۆ ڕاگرتووین
پێکەوە
ژیانیان بۆ جوان کردووین

(عەلی حەمەڕەشید)ی شاعیر لەم شیعرەدا منداڵ دەباتە ژینگە پاک و خاوێنەکەی سروشت و هونەرییانە چاویان ڕوون و دڵیان بە تابلۆ ڕەنگاڵەییەکەی دەگەشێنێتەوە و لە دنیای ئاژەڵاندا، ئاژەڵ و بێشە و لانەکانیان پێ دەناسێنێت و پێیان دەڵێت پێکەوە ژیانی ئاژەڵ و باڵندەکان لە ژینگەدا، دیمەنەکەیان دڵڕفێن و دڵگیرتر کردووە و بوونەتە باڵانسی ژینگە و ژیانیشیان جوان کردووە، واتە بیریان دێنێتەوە ژیان بە ئاڵ و واڵایی و فرەڕەنگییەوە جوان و دڵگیرە و دەبێت هەموومان بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین.

## نووسین و منداڵ

گەرچی نووسەران لەسەر نووسین بۆ منداڵان هاوڕانین و هەر یەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە لە نووسین بۆ منداڵان دەڕوانێت، کە هەندێک پێیان وایە دەبێت: (بە هەمان پێوەری نووسین بۆ گەورەکان داوەری نووسین بۆ منداڵان بکرێت و ئەوانی دیکە دەڵێن بەم پێوەرە دەکەوینە کۆتی دەست و پێگری ڕوانگەی ناڕاستەوە)، بەڵام هەر چوار شاعیر گوێ بەم دوو ڕایە نادەن و بە ئەزموونەکەیان توانیویانە جوانی سروشت و بوونەوەرەکانی ناویمان لە هەر یەک لە باڵندە و ئاژەڵەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر بۆ بکێشن و وێنا بکەن.

**وێنە شعرییەکان**

بێجگە لەوەی شیعرەکەی عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی کە ناوی تابلۆی ژینگەیە و تابلۆیەکە بۆ خۆی، بەڵام هەر چوار شیعرەکە پڕن لە چەندان وێنەی جوانی شیعری و دیمەنی دڵگیر کە منداڵ بە خوێندنەوەیان دەچێتە ناو جوانیی سروشت و دارستانی ڕەنگاوڕەنگەوە و ڕاستەوخۆ باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان دەبینێت و گوێی بە هارمۆنیای دەنگیان دەزرنگێتەوە، کە بە دڵنیاییەوە دوور لە گومان و بەبێ سۆراغ و پرسیارکردن دەیانناسێتەوە و دەبێتە هاوڕێیان و یارییان لەگەڵدا دەکات.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری پەپوولە، گۆڤارێکی پەروەردەیی- ڕۆشنبیری منداڵانە و ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە سلێمانی دەری دەکات- ژمارە (٣١٩)، مانگی ئایار، ساڵی ٢٠٢٤.